www.kurdistannet.org
8-2-2003 22:13

# کورتەی مێژووی کوردستان
# (خستنەرووی کتێبێکیتری خانەی وەرگێڕان)

خستنەرووی/ راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان

khanywargeran@yahoo.com

کتێبی "کورتەی مێژووی کوردستان" کە زنجیرە (٤) ی چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییەو لەزنجیرەی چاپکراوەکانی ئەم خانەیەداو لەساڵی ٢٠٠٢داو بەتیراژی ٧٥٠ دانە چاپکراوەو لەساڵی ٢٠٠٣یشداو لەچەند رۆژی داهاتوودا، چاپی دووەمی لەلایەن هەمان خانەوە دەکرێتەوە.

ئەم کتێبە، لەدووتوێی (١٤٨) لاپەڕەدایەو لەلایەن مامۆستا فوئادی تاهیر سادق و بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، ئەمەیش بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی زمانی ئینگلیزییە بە مەسەلەی کورد، لەکاتێکدا مەسەلەی رەوای کورد بووەتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی.

لەم کتێبە نوێیەی مامۆستا فوئادی تاهیر سادقدا، کورتەیەکی دەوڵەمەندی مێژووی کوردستان خراوەتە روو کە گرنگی بەو زانیارییە گەوهەرییی و لایەنەی بابەتی مێژووی کوردی دەدات، کە سەرجەمی مێژووی کوردستان پۆلێن دەکات بۆ سێ سەردەم، کە ئەوانیش: "سەردەمی دێرین‌و ناوەندو نوێ"ن" ئەمەیش بە ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەی کوردیی‌و ئینگلیزیی‌و عەرەبی نووسراون.

کوردستان بەدرێژایی مێژووەکەی، بەهۆی شوێنەکەیەوە بووەتە مەیدان‌و ناوەندی ناکۆکیی‌و پەلاماردانی هێزە بیانییەکان‌و بەهۆی ئەمەیشەوە ناو بەناو شارو گوندی تووشی هێرش‌و داگیرکردن بوونەتەوەو سوتێنراون‌و تالانکراون. لەئەنجامیاندا زۆربەی کەرەستە شارستانیی‌و رۆشنبیرییەکان لەناوبراون.

ئەم کتێبە ئەوە بەئاشکرا دەخاتە روو: ئەوەی دەربارەی نەتەوەی کوردو لەلایەن هەندێ بیانییەوە نووسراوە، بەتایبەتی داگیرکەرانی کوردستان، هەندێ لایەنی نەتەوایەتیی‌و مێژووییان شێواندووە، لەباتی ئەوەی راستییەکان وەکو خۆیان بخەنە روو.

دوای دەوڵەتی مادی کوردی (٨-٦ سەدەی پێش زایین) ، هەندێ بەشی کوردستان بەناو بوونەتە بەشێکی دەوڵەتانی ئەخمینی، یۆنان، رۆمان، ساسان، ئەمەوی، عەبباسی، عوسمانیی‌وئێران. شوێنی جوگرافی کوردستان‌و دەسەڵاتە بیانییەکان نەیانهێشتووە ناوچەکانی کوردستان ئازادو یەکگرتووبن. لەبەر ئەمەو هۆی دیکە، هەندێ ناوچەی کوردستان، نەك هەموو پێکەوە، لەماوەی جیاجیادا دەوڵەت‌و میرنشینی سەربەخۆیان هەبووە.

ئەم کتێبە ئەوە دەردەخات نەتەوەی کورد شارستانێتی دامەزراندووە، کاری لەنەتەوایەتیی دیکە کردووەو کاریان تێکردووە. شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان‌و لێکۆڵینەوەکانی پشکێنەرە بیانییەکان گرنگییەکەی لەمەیدانی رۆشنبیریی‌و شارستانێتی دەردەخەن. یەکەم کانزای زانراو بۆ دروستکردنی ئامراز بەکوتاندنی مسی سارد لەکوردستان بووە. کشتوکاڵ یەکەم جار لەکوردستاندا دەستیپێکردووە. نەتەوەی کورد پێش ٦٧٥٠ ساڵ پێش زایین، گەنم‌و جۆی چاندووەو ئامرازی کشتوکاڵی بەکارهێناوە.

هەر لەم کتێبەدا، نووسەر ئەوە دەخاتە روو کە وڵاتان لەسەردەمی کۆن‌و ناوەندیدا بەناوی خۆیانەوە نەبوون، بەڵام لە ئەم سەردەمەدا زۆربەیان بەکوردستانەوەن‌و لەرابردوودا ناوی هۆزیی‌و ناوچەییان وەردەگرت.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ئەمانەن:

- پێشەکی.
- دەروازە.
- سەردەمی کۆن:

گۆتی (٣١-١٣ سەدەکانی پێش زایین) .
ئیلام (٣٠-٧ سەدەکانی پێش زایین) .
کاشی (٢١-١٢ سەدەکانی پێش زایین) .
لۆلۆ (١٩-٦ سەدەکانی پێش زایین) .
ماد (٨-٦ سەدەکانی پێش زایین) .
کوردستان لەماوەی سەدەی ٦ی پێش زایین– سەدەی پێنجەم.

- سەردەمی ناوەندی:

کوردستان لەماوەی سەدەی ٦-٨ی زایینی.
کوردستان لەماوەی سەدەی ٩-١٥ی زایینی.
کوردستانو سەلجوقییەکان، کە تیایدا باس لەهەریەکە لە (مەغوَل، قەرەقۆینلو، ئاق قۆینلوو کوردستانو میرنشینییە کوردییەکان) کراوە.

- سەردەمی نوێیش کە بەشێکی تری ئەم کتێبەی بۆ تەرخانکراوە، تیایدا نووسەر باس لەهەریەکە لە:

کوردستان، عوسمانی و فارسەکان.
کوردستان لەماوەی سەدەی نۆزدەهەم.
کوردستان لەماوەی سەدەی بیستەمدا، کردووە.

- دەرئەنجام.
- جوگرافیای کوردستان.
- نەخشەی کوردستان.

لەکۆتاییشدا نووسەر ئاماژەی بەسەرچاوە کوردیو عەرەبی و ئینگلیزییەکان کردووە کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە سودی لێ بینیون.

ئەم کتێبە ئینگلیزییەی مامۆستا فوئاد تاهیر سادق، زیاتر گرنگی بەسەردەمی نوێی مێژووی کوردستان دەدات، بەتایبەتی سەدەی نۆزدەیەمو بیستەم بەشێوەیەکی درێژتر رووندەکاتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە نابێت ئەوەیش فەرامۆشبکرێ مامۆستای نووسەر لەم کتێبەیدا جەخت لەوەدەکاتەوە سالآنێکی زۆرە نەتەوەی کورد خەباتی سەربەخۆیی دەکاو لەماوەی سەدە دواییەکاندا چەند دەستەیەك شۆڕشو راپەڕینی بووەو دەیان دەوڵەتو میرنشینی دامەزراندووە، بەڵام بەهۆی زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوخۆو بابەتی و خۆیی کە بەدرێژیی لە کتێبەکەدا روونکراونەتەوە، کورد نەگەیشتووەتە ئاواتەکانی لەرزگاریو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەدا.

دواجار نووسەر هاوڕایە سەبارەت بە ئەوەی هیچ نیشتمانێك لەسەر زەوی وەك کوردستان نەکراوەتە پێنج بەشی داگیرکراو. نەوازەو سەیریشە لەم بارودۆخە نوێیەی جیهانداو دوای سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر زۆرداریدا، کوردستان بەزیاتر لە (٣٠) ملیۆن کەسەوە هێشتا بەداگیرکراوەیی بمێنێتەوە.

دواجار دەشێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، نووسینی کتێبێکی لەمجۆرەو بەزمانی ئینگلیزی خزمەتێکی گەورەیە دەرهەق بەمێژووی نەتەوەکەمانو ئاشناکردنی خوێنەرانی زمانی ئیگلیزی بەمێژووی راستو دروستی

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
8-2-2003 22:13

**نەتەوەکەمانو چاپکردنی ئەم کتێبەیش لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕانەوە، خزمەتێکی تری ئەم خانەیە نیشاندەدا کە سەرباری هەوڵەکانی بۆ ناساندنی کولتوری گەلانی دنیا بەنەتەوەی کورد، دواجار چاپکردنی ئەم کتێبەیش هەوڵێکە بۆ ناساندنی مێژوو و کولتوری نەتەوەی کورد بەگەلانی دنیا.**

**تێبینی کوردستان نێت**:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت